www.kurdistannet.org

## ئەرێ بەڕاستی ئیسلام چ پێویستیەکی بە پارت و حیزب هەیە؟

هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئاین هەیە، دەزانن کە ئاینەکەیان شتێکی ڕۆحیە، شتێکە کە باس لە پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤدا دەکات، نەک مرۆڤ و دەوڵەت.. ئاین باسی ئەو ڕێگایانە دەکات کە مرۆڤ لە خودا نزیک دەکاتەوە، نەک ئەو ڕێگایانەی کە مرۆڤ لە حوکمەت و دەسەڵات و کورسی، ئەگەر وا بوایە ئەوسا لە قورئاندا هەر هیچ نەبێت ئایەتێک لەو بارەوە دەهات کە موسڵمانەکان ڕێنمایی بکات و لە بری ڕێگای عیبادەت ڕێگای حیزبایەتیان پیشانبدات..

دوو شت زۆر جێگەی سەرنجی منە؛ یەکەمیان، حیزبە ئیسلامیەکان تەنها لەو وڵاتانەدا هەن کە ئیسلامین، یان کە بە ناو وڵاتی ئیسلامین.. لە هەردوو بارەکەشدا موسڵمانانی ئەو وڵاتانە هەموو مافێکی دینیان هەیە. واتە بۆ نمونە مزگەوت و قورئانیان لێ قەدەغە نەکراوە.. بەپێی یاسا و دەستوری ئەو وڵاتانە و بەڕاستیش لەو وڵاتانەدا ڕێگا لە هیچ کەسێک نەگیراوە کە نوێژی خۆی نەکات، کە نەچێت بۆ حەج، کە قورئان نەخوێنێت، کە زەکاتی خۆی نەدات و هتد.. ئیتر حیزبێکی ئیسلامی دەبێت چ پێویستیەکی تری هەبێت، ئەگەر لە بنەڕەتدا مەسەلەکە لەزەت و گەیشتن بە کورسی دەسەڵات نەبێت؟ پرسیارەکەی من ڕێک لێرەدایە؛ کەسێک کە موسڵمانە و دەتوانێت بە تەواوەتی بەپێی ئاینەکەی خۆی هەڵسوکەوت بکات، چ پێویستیەکی بە حیزب حیزبێنە هەیە؟ خۆ کەس هەقی نەخواردوە تا لە ڕێگای سیاسەتەوە هەوڵ بدات هەقی خوراوی وەربگرێتەوە..

من پێم وانیە ئەو کاتەی خودا پەیامی بۆ محەمەد نارد کە ببێتە پێخەمبەر، داوای ئەوەی لێکردبێت کە ببێتە سەرۆک حزبیش.. ئاخر ئەو دوو دونیایە هەتا بڵێیت جیاوازن و مەگەر بە جادوو پێکەوەیان بنوسێنیت.. مەبەستم لەوەیە ئەگەر حزبێکی ئیسلامی یان سەرۆکی حیزبێکی ئیسلامی مەبەستێکی تایبەتی نەبێت، بۆ نمونە وەک گەیشتن بە کورسی دەسەڵات و لێرەشەوە مەبەستی تایبەتی خۆی، نایەت خەریکی حیزبایەتی بێت.. هەڵبەتە دەشتوانین هەموو هاوکێشەکە هەڵبگێڕینەوە و بڵێین وەک ئەوە وایە کە حزبێک لە ڕێگەی سیاسەتەوە بێت و داوای خواپەرستی لە خەڵکی بکات.. چ جیاوازیەکی هەیە؟

دووهەم شت کە زۆرێک سەرنجم ڕادەکێشێت ئاینی ئیسلام و حیزبایەتیە؛ بۆچی لەناو هەموو ئاینەکاندا تەنها ئیسلام هەوڵدەدات جگە لە دین و دیانەت ڕێگای سیاسەت بگرێتە بەر؟ بەڕاستی لەسەردەمی ئێستادا نابینین کە حیزبێکی مەسیحی یان بودی ڕێگای سیاسەت هەڵبژێرێت و لە ڕێگەیەوە داوای کورسی دەسەڵات بکات..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**بەکورتی؛ لەدیدەی زۆرینەی کەسە دینیەکانەوە، ئاین واتە خواپەرستی، واتە خەڵوەت و لێبوردن، واتە خۆشەویستی هاودەمی، واتە عیبادەت و پەیڕەوکردنی چەند تێکستێکی ئاسمانی.. بەڵام ئەمانە چ پەیوەندیەکیان بە دەوڵەت و سیاسەتەوە هەیە؟**
**لەدیدەی منیشەوە؛ ئاین شتێکە خەڵکی یان بڕوای پێیەتی یان بڕوای پێی نیە.. واتە شتێکی بەمانای وشە شەخسیە و پێویست ناکات بەزۆری زۆرداری تێکەڵی بابەتی تر بکرێت.. واتە کەسێک کە موسڵمانە، هەتا بڵێیت شتێکی باشە، بەڵام هیچ پێویست ناکات داوا لە خەڵکانی تر بکات کە ببنە موسڵمان.. واتە من بڕوای خۆمم هەیە و تۆش بڕوای خۆت، بەمەرجێک نە من پێشێلی مافی تۆ بکەم و نە تۆش من بخۆیت.. بەدەر لەوەش ئاینێک کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لابێت، دڵنیام هەموو مرۆڤایەتی خۆی بۆ خۆی ڕوی تێدەکات.. بەڵام بەداخەوە نەک هەر ئیسلام، بگرە هیچ ئاینێکی تر تا ئێستاکە نەیتوانیوە هەموو مرۆڤایەتی کۆبکاتەوە و کەم تازۆر هەوڵە ئاینەیەکان لەو بوارەدا لە هەوڵە کۆمۆنیستەکان دەچێت کە بۆ ماوەیەکە دەیانەوێت بەزۆری زۆرداری هەموو مرۆڤایەتی بئاخننە یەک قاڵبەوە و لەوێدا ژیانیان بەسەربەرن..**

afsane1@myway.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com